www.kurdistannet.org
10-6-2003 16:01

# له بارەی مەسەلەکانی بـــیر و ئاین

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ گۆڤاری مقدمات ی مەغریبیدا بلاْوکراوەتەوە

و/ ئەحمد فاتح محمد

مقدمات / لەو کاتەوەی خوێندنەوەی تێکستە سەرەکیەکان یا راڤەکردنیان یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەی ململانێی بازنەی کاری رەخنەیتان پێکدێنێت ◦ پرۆژە فکریەکانتان بەهۆی رەخنە گرتن لەگوتارە عەرەبیەکان کە دەربارەی روداوی قورئان لەسەردەمی تەدویندا رێکخرابوو بنیاتنا ◦ ئایا ئەمە بۆ ئەو ئەزموونە قورس و تایبەتە دەگێرنەوە، کە چەند لە بیریارە موسوڵمانەکان لەم رووەوە تیایدا ژیاون، یاخود وا دادەنێن کاتی ئەوە نەهاتووە کە موسوڵمانان وەك باسێکی رەخنەی مێژوویی باس لە دەقی قورئان بکەن، وەك لە هەردوو سەردەمی مەسیحی و یەهودیدا روویداوە ؟ وئایا شیکردنەوەیەکی تایبەت و رێگایەکتان هەیە، کە دەکرێ موسوڵمانانی هاوچەرخ لەژێر رۆشنایی زانست و میتۆد و زانیارییە نوێیەکان کە چەند سەدەیەکە نەکراوەتەوەو وەرنەگیراوە، بیگرنە بەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقە قورئانیەکاندا ◦ ◦

جابری/ گرنگترین بابەت کە ئەم پرسیارە دەیخاتە روو ئەوەیە کە دەرتانبری، کە موسوڵمانان باسێکی رەخنەی مێژوویی وەك لەسەردەمی مەسیحی و یەهودیدا روویداوە باس بکەن ◦ هەنگاوی یەکەم بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستی بە ئامادەیی جۆرێك لە) ) رەخنەی مێژوویی) ) هەیە کە لە ئەورووپا لەسەر کتێبە پیرۆزەکان، تەورات و ئینجیل پەیڕەوکرا، و ئەو ئەنجامانەی بەهۆی ئەم رەخنەیەوە دەستەبەربووە ◦ پاشان هەنگاوی دووەم دێ ئەویش، پرسیارکردن کە ئایا پێویستمان بەم جۆرە لەرەخنە هەیە، وەك لەئەورووپادا بوو، وئەگەر جێبەجێکرا ئەو دەرەنجامانە کامانەن کە دەستەبەردەبن ؟

ئاشکرایە رەخنەی مێژوویی دەقە ئاینییە یەهودییەکان لەگەڵ نامە بەناوبانگەکەی سپێنوزا ( ( نامەیەك لەلاهوت و سیاسەتدا) ) دەستیپێکرد، وچەند زانایەك لە موسوڵمانان رەخنەیەکی هاوشێوەیان بەچەند سەدەیەك پێش سپینوزا لەسەر تەورات و ئینجیل جێبەجێکرد ◦ ئەم جۆرە لەرەخنە کەئەو فەیلەسوفە هۆڵەندییە لەکەلتوری ئەورووپیدا کردییەوە لەسەدەی ١٧ تا سەدەی 20 بەردەوام بوو، ولێرەدا جێگای

نمایشكردنی مێژووی ئەو رەخنەیە و جۆر و سەردەم و پەرچەكرداره دژەكانی نیه كه
روبەروبۆتەوە . مەبەستمانه ئاماژه بەوە بكەین، كەرەخنەی نوێی تێكسته
پیرۆزەكان لەئەوروپا لەسەر گفتوگۆی راستی گەراندنەوەی ئەو تێكستانه كۆبۆتەوە
كەهەمیشه بۆیان دەگەرێتەوە، موسای پێغەمبەر و خاوەنی ئینجیلەكان لەلایەك،
ولەلایەكی دی دەركەوتنی پەیوەندی نێوان ئەو دەقانەو نێوان ئەزموونه
زیندووەكانی گروپه ئاینیەكانی یەكەمجار كه ئەو تێكستانه لە پشتیانەوە دەركەوتن
،پاشان ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بەمەسەلەی راڤەكردن، راڤەكردنی تێكسته
پیرۆزەكانەوەیه . بەهۆی جۆر و ئاستی ئەو رەخنەیەوە كۆمەڵێك ئەنجامی گرنگ
دەستەبەربووە، وەدەرەكەوێ كه تێكسته ئاینییه یەهودی و مەسیحییەكان نوسەرێك
لەسەردەمێكدا بۆ جەماوەرێكی نەنوسیووە ،بەڵكو زۆرێك لە نوسەران ئەو
تێكستانەی بەدرێژایی چەند سەددەیەك لەسەردەمە یەك بە دوای یەكەكان بۆ
كەسانێك، كەلەبارودۆخی جیاواز و سەردەمی لەیەك دوور ژیاون نوسیووە . سەرەنجام
ئەمە رەنگدانەوەو تەعبیر لەئەزموونه جیاوازەكانی ژیان دەكات . لێرەوە پێویستی
جیاوازی راڤەكردن و فرەیی و خۆبەستنەوە بەتەنها دیدگایەك و كرنۆش بردن بۆ هیچ
دەسەلاتێكی دی بێ لە دەسەلاتی عەقڵ و میتۆدی زانستی هاته بوون .
وپرسیاری ئێستا ئەوەیه : ئایا تێكسته ئاینییەكانی ئیسلام : مەبەستم قورئان و
حەدیسه پێویستیان بەم جۆره لە رەخنەی مێژوویی هەیه ؟ بۆچوونم سەبارەت بەو
مەسەلەیه كورتدەكرێتەوە بۆ : ئەوەی تایبەتمەنده بە قورئانەوە ناتوانین گومان
لەراستی ئەو دەقەی ئیمرۆ بەردەستمان بكەین . چونكه هەمان تێكسته ( (پەرتوكه) )
كه لەسەردەمی خەلیفەی سێهەم عوسمان بن عفان كۆكراوەتەوە و رێكخراوە و وەك
دەقێكی رەسمی بریاری لێدراوە . هەروەها وەك زانراویشه پێغەمبەر نوسەری
هەبووە كه وەحییان، واته قورئانیان، بۆنوسیووەتەوە، هەروەها زۆر بەئاگابوون
كەبێ لە ووتەكانی پێغەمبەر هیچی تر نەنوسرێت تا تێكەڵاوبوون رونەدات،
هەموو نوسەرەكانی وەحی) ) پەرتوكێكیان) ) هەبوو لە كۆمەڵێك ئایەت پێكهاتبوو
كه نوسیبوویانەوە . دابەزاندنی قورئان ٢٣ ساڵ بەگوێرەی بارودۆخ و بەشێوەی
بەش بەش بەردەوام بوو ،هەروەها مێژوونووسان باس لەچەند كارێكی بەرایی دەكەن
بۆكۆكردنەوەی قورئان لەسەردەمی ئەبوبەكر وعومەر . هەرچۆنێك بێ ئەوەی لەرووی
مێژووییەوە جێگیره ،لەسەردەمی عوسماندا لیژنەیەك لە نووسەرانی وەحی پێكهاتن
بۆ كۆكردنەوەی ئەو قورئانانەی لەلایانەو بەراوردكردنی پەرتووكەكان لەگەڵ

یەکتردا، ودانانی یەك جۆری رەسمی لەقورئان، ئەویش ئەو پەرتووکەیە کەلەو
رۆژگارەوە تائیمرۆ کارپێدەکریَ. بەلاّم نوسخەکانی تر ئەوەی نوسەرەکانی وەحی
و خەلّکانی تر هەریەك بەجیا کۆیانکردبۆوە، فرمان درا بەسووتاندنیان تا
تێکەلاّو نەبن . لەم راستییەدا هەموو کتێبە مێژووییەکانی سەرجەم گروپ و
مەزهەبە ئیسلامییەکان تێیدا کۆکن. وهیچ شتێك هاندەرو بەلّگەی گومان وتەنانەت
دروستکردنی گومانی میتۆدی نیە لەو بارەییەوە .بەلّیَ هەندێك گێرانەوە باس لە
جیاوازی پەرتووکی ئیبن مەسعود و کەسانی تر لەگەلّ پەرتووکی عوسمانییدا دەکەن،
هەروەها چەند گێرانەوەیەکی تر ئاماژە بۆ یەکێك لەسورەتەکانی قورئان دەکات کە
درێژترە وەك لەو سورەتانەی لەپەرتووکی ئیمرۆدا هەیە .بەلاّم هەموو ئەو
جیاوازییانە کە گێرانەوەکانی بەردەستمان باسی لێوەدەکەن بەلایەنی کەمەوەنە
لەدوور نەلە نزیك پەیوەندی بە راستیّی تێکستی قورئانەوە وەك گشت نیە،
هەروەها جیاوازی خوێندنەوەکان کە شتێکی سەلمێنراوە، ئەویش ناتوانێت باس
لەراستیّی دەقی قورئانی بکات، وەك موسولّمانان بەدرێژایی سەددەکان کارییان
پێکردووە . وبۆنمونە قسەیەکی رێك نییە گوایە گریمانە بکەین، کەوا جیاوازی
بنەرەتی هەیە لە نێوان تێکست وەك کۆکردنەوەو وێناکردنی سەردەمی عوسمان و
نێوان قورئان کەخەلّك لەسەردەمی پێغەمبەردا وەریگرتووە . چونکە موسولّمانان
و خودی یاوەران) صحابە) جیاواز و ناکۆك بوون و جەنگ لە نێوانیاندا هەلّگیرسا،
لەگەلّ ئەوەشدا هیچ لایەنێك بەرامبەرەکەی بەدەستکاریکردنی قورئان
تاوانبارنەکرد . و لەنێوان گەورە ( (صحابە) ) کاندا هەبوو دوژمنی معاویە بوو،
لەرۆژی سەفەین ( (معرکە صفین– وەرگێر) ) لەبەرامبەرییدا جەنگاوەو بانگەوازی خۆی
و عەشیرەتی ئومەوییەکانی دەکرد وهاوارییاندەکرد : ( (لەسەر هاتنە خوارەوەی
بەرامبەرتان جەنگین ئیمرۆش لەسەر راڤەکردنی بەرامبەرتان دەجەنگین) . بەمانای
ئەو صحابانەی دژی قورەیش بەرابەرایەتی بەنی ئومەییە ولە سەروویانەوە ئەبو
سوفیان ( پێش چوونە ناو ئیسلام و ئیمان بە قورئان بهێنن وەك وەحییەکی
دابەزیوو) جەنگاون، ئیمرۆش رۆژی صفین لەسەر راڤەکردنی، راڤەکردنی قورئان
دژییان دەجەنگن . بەمانای جیاوازی و ناکۆکی لەسەردەمی عوسمان و معاویەدا
سەبارەت بە راڤەکردن بووە پەیوەندی هیچ بە) دابەزین = تێکست) ەوە نەبووە.
بەلاّم ئەوەی لەشیعە دەگێرِنەوە، گوایە گومانیان لەئایەتێك یا دووان بوبیَ
لەسەر ئاستی فۆرم یان لە سەر ئاستی قرتاندن ،ئەوا ئیمامەکانی شیعە لە رابردوو

و ئێستادا خۆیان بەبێبەری دادەنێن و کۆکن کەوا قورئان چۆن ئیمرۆ بلاّوەو کارپێدەکرێت خودی ئەو قورئانەیە کەلەسەردەمی پێغەمبەردا هەبووە • واتە بواری مومارەسەکردنی رەخنەی مێژوویی سەبارەت بە راستی تێکستی قورئان نییە، وبروام نیە کەشتێکی تر وەك ئەوەی کە ئاشکرایەو لەسەرەوە ئاماژەمان بەکورتی پێدا بدۆزینەوە • ئەمە سەبارەت بەراستی تێکستی قورئان بەلاّم سەبارەت بە حەدیس مەسەلەکە جیاوازە • موسولّمانان جیاوازی تێدادەکەن لە نێوان (متواتر) و نێوان حەدیسی (الاحاد) • متواتر، ئەوەیە کە کۆمەلّێك گێراویانەتەوە ناکرێت کۆکبن لەسەر درۆ لەبەر زۆری ژمارە و جیاوازییان، وزۆر کەمە و ئەوەی گومان هەلّناگرێت گوێجاندنی تەواوە لەگەلّ ئەوەی قورئان بریاری لێداوە لەبارەی خواپەرستی و ئەخلاقەوە • بەلاّم حەدیسی الاحاد، مانای کەسێك لەیەکێکی ترەوە تاپێغەمبەر گێراویەتیەوە، جێگای رەخنەیەکی گەورەبوو • رەخنە لەگێرانەوەی ئەم جۆرە حەدیسە لەسەردەمی تەدوینەوە پەیرەوکراوە، وچەند زانای موسولّمان و ئیمام پێدادەگرن لەسەر راستبوونی ئەو حەدیسە الاحادەی لە پێغەمبەر دەگێرنەوە، وەلّێ تەنها چەند حەدیسێك کە پەیوەندی بە خواپەرستییەوە هەیە قبولّکراوە • بەپێچەوانەی ئەو کەسانەوەی کارئاسانی لەگەلّ راست و لاوازدا دەکات و قبولّی دەکات • ودروستکراو (الوچع) لە حەدیسدا زانراوەو خوێندراوە • وکتێبەکانی حەدیسی صحیح وەك صحیحی بوخاری و صحیحی موسلم راستە بەپێوانەی ئەو مەرجانەی خاوەنەکانیان بۆ قبولکردنی حەدیس دایانناوە • حەدیسی راست (صحیح) لەخودیدا وەك پێویست حەدیسێکی راست نیە، بەلّکو راستە بەو مانایەی کەئەو مەرجانەی تێدایە کە دانەری حەدیسی بوخاری و موسلم وەك مەرج دایانناوە • ورەخنە لەحەدیس باس لە رەخنە لەسەنەد دەکات، وەك چۆن رەنگە ناوەرۆکیش بگرێتەوە • بەلاّم رەخنەی سەنەد یا گێرانەوە بنەما و رێسای خۆی هەیە لەسەر (گۆران و بەتالّکردنەوە) — هەرچەندە کەمترجێگای بایەخ پێدانە — ولەسەر بنەمای ئەوەی سونەتی پێغەمبەر (قسە و بریاردان و کارپێکردن) بۆ ئاین رونبۆتەوە و قورئانیشی شرۆڤە کردووە، سەرەنجام نابێ حەدیس پێچەوانەی قورئان بێ • واتە رەخنەی مێژوویی سەبارەت بەحەدیس بەشێوەیەکی فراوان لەسەردەمی تەدوینەوە پەیرەوکراوە وبەشێك لە ترادسیۆن پێکدێنێت وقابیلی رەخنەیە وەك بەشەکانی تری ترادسیۆن • بەلاّم ئەوەی پەیوەندی بە تێگەیشتن لە قورئانەوە هەیە ،واتە شیکردنەوە و راڤەکردن، دەرگا بەپانی کراوەتەوە بەرووی هەموو ئەوانەی لە

لایەنیچالاکی زمانەوانی وشارەزایی لەسەر مێژووی دابەزاندنی قورئان لە توانستی خۆیان رادەبینن، واتە ناسخ و مەنسوخ و هۆکارەکانی هاتنەخوارەوە و ۰۰۰هتد، ئەوەی بەدرێژی بە زانستی قورئان) علوم القرأن) ناسراوە ۰ قورئان بەشێوازە رەوانبێژییەکەی کراوەیە بۆ جۆرەها شیکردنەوەوراڤەکردن ۰ بەڵێ چەندەها جۆر لەم ولەو بوونی هەیە۰

بەلآم پەیوەندیان بەکۆمەڵە ئیسلامییەکانی سەرەتا وژیانی رۆژانەیان، جێگای لێکۆلینەوەو توێژینەوەیە لەسەردەمی وەحیەوە : جیاکردنەوە لە قورئاندا لەنێوان مەکی و مەدەنیدا، ولەنێوان ناسخ و مەنسوخ، وگرێدانی بە هۆکارەکانی هاتنەخوارەوە وبێوگرافیای پێغەمبەر و شێوازەکانی عەرەب لە دەربریندا ۰۰هتد، هەموو ئەمانە تائێستاش جێگای ئیجتیهادکردنە و هیچ شتێك بەربەست نیە لەجێبەجێکردنی شێوازە نوێیەکان لەم بوارەدا۰ لە دیدگای منەوە هاتنە دەرەوە بەشتێکی نوێ کەلەسەرئاستی گرنگی ئەو ئەنجامانە بێت، کەرەخنەگرتن لەسەر تەورات و ئینجیل لەکۆن ونوێدا پەیرەودەکرا کارێکی قورسە ۰ بۆیە وادەبینم کەرەخنە لە ترادسیۆن، مانای جۆرەها تێگەیشتنە کە موسولمانان بۆخۆیان پێکهێناوە دەربارەی ئاین و مێژوو کەلتوریان کەدەبێ کارییان لەسەر بکەین۰ بەلآم بیناکردنی تێگەیشتنێکی نوێ ئەرکی من نیە، چونکە چاککەرەوەی ئاینی و خاوەنی بانگەواز نیم وئارەزووم لە دروستکردنی سیولۆجیای نوێ نیە ۰ ئاراستەو بواری جولەی من رەخنەی عەقلە رەخنەیەکی ئیپستمولۆجیا ۰ هەرچۆنێك بێ ئەمە جێگای جۆرەکانی تر لە رەخنە ناگرێتەوە و وەلاینانیێ، چونکە هەموو بوار وئاراستەی بەبایەخی خۆی هەیە ۰

مقدمات/ لەچوارچێوەی شیکردنەوەتان بۆ بنەمای ئەقلی عەرەبی پێکهاتەکانیتان لەسیاندا قەتیسکرد ئەویش: مەعقولی ئاین ( عەقلی رەوانبێژی رەسەنی عەرەبی) و مەعقولی عەقلی (عەقلی بەلگەیی کەرەگی یۆنانیە) پاشان نامەعقولی عەقلێ یا عەقلی سەربەخۆ ( عەقلی ئیدراکی گرێدراو بە فارس و هیند) واتە ئەوانەی بنەماکانیان بۆ ئاینەکان و سیستمە فکرییەکانی رۆژهەلآتی کۆن دەگێرنەوە (خودی یۆنانی، ئۆرینتالەیشنی فارسی و تەسەوفی هیندی) ۰ هەروەها سەبارەت بەبەشی کۆتایی دانراوەکەتان – کەبەنیازن ئامادەیبەکەن– وپەیوەندی بەعەقلی مۆرالی عەربیەوە هەیە، وەك لەدوا موحازەرەتاندا هاتووە و جەختدەکەنەوە، کە پێوەندگە پۆزەتیفەکانی وەك چاکە و وئەدگاری کاری باشە رەگەکەی بۆ بەئەخلاقی زەوی عەرەبی

www.kurdistannet.org
10-6-2003 16:01

ئیسلامی دەگەڕێتەوە ٠ بەلاَم پێودانگە نیگەتیفەکانی وەك سەرکوتکردن و پشتبەستن بەکەسانی تر و ودابران بۆ ئەو پێریست و ڕێسایانە دەگێرنەوە کەعەرەبی نین ٠ ئایا وانابینن سوربوونتان لەسەر چارەسەرکردنی مەسەلەی سنور لەنێوان مەعقول و نامەعقولدا یا وەدەرخستنی بنەمای پێودانگەکان لە سیستمە کەلتورییەکانی عەرەب بەبەکارهێنانی چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی، بۆچوونی هەندێك لەو ڕەخنەگرانەتان قایلتر ناکات کە ئاراستەیەکی سێنرالیزمی هەلبژێردراوتان لەسەردەگرن، چونکە وادەردەکەوێ شیکردنەوەی ئیپستمۆلۆجیا کەکاری لەسەر دەکەن بابەتێکە لەبەرژەوەندی غەمی سیاسی نەتەوەییدابێت؟ وئایا مەزندەدەکەن کەوا دەکرێ لەسەرئاستی تیوری ئەبستراکت هەلستین بە دامەزراندن و ڕێپێدانی پێشنیارێکی تاکرەوی وعەقل لەبواری کەلتوری وشارستانی تا ئەوانی تر جیابکاتەوە؟

جابری/سەبارەت بەخالّی یەکەم لەم پرسیارەدا جەختدەکەمەوە، کەوا پیشەم وەك ڕەخنەگرێکی سیستمە مەعریفی وسیستمی پێودانگەکان لەکەلتوری عەرەبی ئیسلامیدا لە خولیایەکی ناسیۆنالیستیەوە دەرناچێت ٠ نەخێر پۆلێنکردنی سیستمە مەعریفیەکان لە کەلتوری عەرەبی ئیسلامیدا بۆ (بیان و عرفان و برهان) پۆلێنکردنێکە کەلەسەر شیکارێکی بونیاتگەرانەی زانیارییە عەرەبییەکانی ئیسلام پۆلێنکراوە (ئەگەر دەربرینەکەمان ڕاست بێ) : پێشتر ئەم زانیارییانە پۆلێندەکرا بۆ زانستی (فەلسەفە، سیۆلۆجیا ،بنەماکانی فیقه، زانستی سروشتی 000هتد) وبۆ زانستی گێرانەوە (نەقلّی) ( حەدیس، فقه، زمانەوانی، نەحو ٠٠٠٠)

0ئەم پۆلێنکردنەش لە ڕووی ئیپستمۆلۆژییەوە، پۆلێنکردنێکی دەرەکییە و هاوشێوەی پۆلێنکردنی زیندەوەرانە بۆ وشکانی و ئاوی هتد، وبەهیچ جۆرێك یارمەتیدەر نییە بۆ دەرخستنی ڕێسای ئیپستمۆلۆژی عەقلیەتی عەرەبی ٠ بۆیە پۆلێنکردنێکی ترم پەسندکرد لە چەشنی پۆلێنکردنی زیندەوەرەکان بۆ بربرەدار و بێبربرەکان ٠ بەم شێوەیە جیاکردنەوەم لە زانستە عەرەبییە ئیسلامییەکاندا لە نێوان زانستی بیان و زانستی عیرفان و زانستی برهان بەباشتر دانا، لەبەرئەوەی هەریەك لەم سێ چەشنانە سیستمێکی مەعریفی جیاواز پێکدێنێت بەمیتۆد و دەزگای تێگەیشتن و جۆری دیدگا کەدەربارەی مرۆڤ و جیهانەوە هەلّیگرتووە ٠ کاتێك دەستم بە لێکۆلّینەوەی پێودانگەکان کرد، لام روون بۆوە کەئەم پۆلێنکردنە سەرجەم جیاوازی و کێبرکێیەکان وەرناگرێ، کەترادسیۆنی عەرەبی ئیسلامی لە بواری

www.kurdistannet.org
10-6-2003 16:01

پێودانگەکاندا تیایدا دەوڵەمەندە • بەڵام وام بەباشترزانی کە پۆلێنکردنی پێودانگەکان لەم ترادسیۆنەدا بەپێی ئەو میراتە کەلتوورییە بیٚ کەلێی جیادەبێتەوە • هەرچەندە سەردەمی تەدوین ئەو سەردەمەبوو کەکەلتوورە جیاوازەکان بەیەکدەگەیشتن ودەنوسران وکێبرکێیان دەکرد هتد، ولەبەرئەوەی هەموو کەلتورێك سیستمێکی پێودانگی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەگونجاوم زانی جیاکاری لە کەلتوری عەرەبی (وەك هەنگاوێکی میتۆدی) لە نێوان سیستمە پێودانگ لە میراتی عەرەبی ئیسلامی پێش ئیسلام و سیستمی پێودانگ لە ترادسیۆنی ئیسلامی و سیستمی پێودانگ لە میراتی فارسی و سیستمی پێودانگ لە میراتی یۆنانی و سیستمی پێودانگ لە میراتی سۆفی زاتی • وادیارە لەهەموو سیستمێك لەم سیستمانەدا پێودانگی ئیجابی هەیە • بەڵام ئەوەی لەکلتوری عەرەبیدا لەسەردەمی تەدوینەوە تەرخانکراوە لەو پێودانگانەی بۆ میراتی فارسی دەگەڕێتەوە پێودانگی پەرستنە • ئەمەش مانای وانیە کەئەم میراتە پێودانگی ئیجابی تر هەڵناگریٚ، نەخێر • جێگای باسە ئەوەی لەبواری ئەخلاق و سیاسەتدا تەرخانکراوە ( بواری مۆراڵی سوڵتانی تایبەت) ە لەکەلتوری عەرەبیدا پێودانگی پەرستنە وەك لەمیراتی فارسیدا ناسراوە، یا بۆی دەگەڕێننەوە • بەندە لەهەموو ئەمانەوە لە مەیلێکی ناسیۆنالیستی یا ناناسیۆنالیستیەوە قسەناکەم • وبۆچوون و هەڵوێستەکانم تەنها لەدەقەکانەوە هەڵدەهێنجێنم، ئایا دەکری پێچەوانەی ئەوە کاربکەم • بەڵام دەربارەی بەشی دووەمی پرسیارەکە، کەپەیوەستە بەوەی تاچەند لەسەر ئاستی تیوری تەواو دەکریٚ هەڵستین بەدامەزراندن و ڕێپێدانی تاککرەوی وجیاکردنەوەی عەقڵ لە بواری کلتوری و شارستانی تادوایی • پێشتر لەمبارەیەوە گفتوگۆم لەمەسەلەی ( (پێکهاتەی عەقلی عەرەبی) ) کرد، بەهۆی دانانی ئەو جیاوازییەی کەلالاند دروستیکردبوو لە نێوان عەقل بە فەتحەو عەقل بەکەسر • لەم ڕووەوە جیاوازیم لەنێوان عەقڵی یۆنانی و ئەوروپی و عەرەبیدا کردووە، هەرچەندە لێکۆلینەوەی ئیپستمۆلۆژی تایبەتە بە گۆتاری جیهان (گوتاری عەقل ومەعریفە) ئەوا کورتبوونەوەو بۆ ئەم سیٚ کەلتورە لەو گۆشەیەوە ڕێپێدراوە، ئێمە تێکستی زانستی تەواومان لەبەردەستدا نیە دەربارەی کەلتورەکانی رابردوو • ئەمەش مانای وانیە کەکلتورەکانی تر لەوانە کلتوری شەفەهی و وێناکردن جێگای لێکۆڵینەوە نیە • نەخێر، مەسەلەکە تەنها مەسەلەی پسپۆرییە، ومن لێکۆڵەرەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆژی و ڕەخنەگرێکی ئەدەبی نیم •

ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە مەزندەدەكەم ( ( پێشنیاری تاككرەوی و جیاكاری عەقل لەبواری كلتوری و شارستانی وئەوانی تردا) ) پێشنیارێكی پەسندوبلاوە لەفكری هاوچەرخدا • لێرەدا تەنها ئاماژە بەو جیاكارییە دەدەم كە ژان بیرفیرنان لەنێوان عەقلێ یۆنانی و عەقلی ئەورووپی مۆدێرن كردوویەتی، لەسەربنەمای ئەوەی یەكەم بەهۆی پەیوەندی نێوان خەڵك لەگەڵ یەكتردا پێكدێت ) شار وگفتوگۆی كاروباری گشتی) ، بەڵام دووەم بەهۆی مامەڵەكردن لەگەڵ سروشتدا (زانستی ئەزمونگەری، عەقڵی ئەزموونگەر یا عەقلانیەتی ئەزمونگەر) پێكدێ • وبەبۆچوونی خۆم لەبنەرەتدا عەقلی عەرەبی لەرێگای مامەڵەكردن لەگەڵ دەقەكاندا، لەگەڵ زمانەوانیدا (سینتاكس، فیۆلۆژی، وراڤە و رەوانبێژی) پێكدێ • واتە لێرەدا جۆرێك لە تاككرەوی و جیاكاری لەسەرئاستی ) پێكهاتەی عەقڵ لەبواری شارستانیەتێكەوە بۆ یەكێكی دی هەیە • وادیارە لێرەدا باس لە پێشنیارێك دەكەین، كەبێگومان بەربەستە لەدروست بوونی پێشنیار و پێشنیاری پیچەوانە •

مقدمات/ ئاشكرایە بەیەكێك لەو بیریارە مەغربیانە دەژمێردرێن، كەزۆرترین ناوبانگی هەیە لەرۆژهەڵاتی عەرەبیدا • مەبەستم فكرەكانتە كەجێگای باسێكی فراوانی ناوەندەكانی ئێلتی كلتورییە لەرۆژهەڵاتدا، كەسیخناخە بەو گوتارە عەرەبیانەی بەئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستییەوە گرێدراوە لەرایەڵی پێكهاتەی فیكری • وبۆ كارەكانتان لێكۆڵینەوەی زۆر و تایبەتان ئامادەكردووە، هەندێكیان زانستی بابەتی، وهەندێكیان مۆركێكی هێرشبەرانەی پێوەدیارە، ئەمەش رەنگە ئاسایی بێ، بەگوێرەی ئەو پایە گەورەیەی لەكلتوری عەرەبیدا گرتووتانە • بەڵام لەرۆژئاوای عەرەبیدا ئێلتێكی رۆشنبیری فراوان كەلەپێكهاتەیەكی رۆژئاوایی و تێكەڵاو پێكدێن بەڵام هەڵوێستیان لەكارەكانتان زۆر ئاڵۆزدەردەكەوێ، وبیروبۆچوونەكانتان سەرچاوەی نیگەرانی بۆ زۆرێك پێكدێنن • لە تێروانینی هەندێكەوە ئێوە بیریارێكی سەلەفی نوێن، وێرای ئەوەی پرۆژەتیوریەكانتان شوێن بیناكردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ترادسیۆن و رابردوو دەكەوێ لە سۆنگەیەكی رەخنەیی عەقلانی كراوە بەرووی دەسكەوتە میتۆدییەكان كە عەقلی نوێ دەستەبەریكردووە • وبەكارهێنانی میتۆدییەت بۆ ئیپستمۆلۆژیا بەڵگە لەسەربونییەتی • بەڵام ئامادەبوونی بەردەوامتان بۆ چەمكی ناسنامەی نەتەوەیی و كلتوری، وهەروەها هیچ كاتێك نیگەران نین لەسوربوونتان

لەسەر دەوری پلرادیجم کە تائێستاش لە تێروانینی ئێوەوە (وێنەیەکی بالآیە) کە ئایتمەکانی لەکۆمەڵگای مەدینەوە دروست بوو لەسەروەختی بانگەوازی پێغەمبەردا • هەروەها هەڵوێستان سەبارەت بەچەند مەسەلەیەك وەك عەلمانیەت ) کەلەپرسیارێکی تردا دەگەرێینەوە لای) وقسەتان دەربارەی سودی (مۆبیلیزەکردنی ئاینی) لەبواری کاری نەتەوەیی، هەموو ئەمانە توخمەکانی تاریکی و ئالۆزی بەهێزدەکەن کەپەیوەندی کارەکانتان بەکەرتێکی فراوان لەرۆشنبیرە مەغربییەکان گرێدەدات • راڤەتان بۆ ئەم بابەتی چییە، واتە چۆن سەیری ئەم جیاوازییەدەکەن : ناوبانگی گەورەتان لەرۆژهەلاتی عەرەبیدا، و تاریکی ئەگەر نەڵێین بەهەڵەتێگەیشتن کەپەیوەندیتان بەزۆر لە رۆشنبیرە مەغربیەکانەوە دەردەخات ؟ •

جابری/دەتوانین لەدوو گۆشەوە تەماشای ئەم پرسیارەبکەین • ئەگەر لەدیدێکەوە وا لەکارەکانم بروانن کە لە چەمکی نەتەوەیی و ناسنامەییەوە بەکاردێ ئەوا هەڵوێستان ئیجابی و هاوکار دەبێ، ئەگەر ئامادەبن بەخولیای نەتەوەیی و ناسنامەیی وەك حاڵی هەموو رۆشنبیرە عەرەبەکان (بەعەرەبکراوەکان) بەگشتی • بەلآم ئەگەر خولیای نەتەوەیی و ناسنامە مەبەستم عەرەبی و عەرەبی ئیسلامیە، روبەرێکی فراوانی لەوەعی ئێوەدا نەگرتبێت ئەوا هەڵوێستان جیاوازە، مانای مەسەلەکە مەسەلەی نوسەر نیە هێندەی مەسەلەی خوێنەرەیشە هەروەها • وەڵێ، رەنگە ( (ئیلتێکی رۆشنبیری فراوانی خاوەن پێکهاتەیەکی رۆژئاوا و تێکەڵ) ) هەڵوێستیان لەکارەکانم ئالۆزتربێ • بەلآم ئەمە بەسەر ژمارەیەکی زۆر لەلایەنگرانی ئەم ئێلیتە جێبەجێنابێ، کەلەنزیکەوە ئامادەیی قوڵیان لەگەڵ نوسراوەکانمدا دەبینم، بێ ئەوەی ئەمە پێویستی لێکتێگەیشتنمان بێت لەهەموو پێشنیارەکانمدا • بەلآم ئەوانەی لەنێوان خۆیان وکارەکانمدا ئەم جۆرە ئامادەگییەیان نیە، بەبۆچوونی بەندە بۆ ئالۆزی و تێکەلآوی هەڵوێستم ناگەرێتەوە، بەڵکو دەکرێ بە ئالۆزی و ئیزدواجییەت کەبەهۆی زمانەوانییەوە دروست دەبێت راڤەبکرێ • زمان لەم مەیدانەدا دەوری هەیە، مەبەستم لەزمان نەك بەتەنها قسەکردن ونوسین، بەڵکو توانستی ئەو زمانە، توانستی کلتوری و شارستانی • من بروام وایە کەمی رێژەیی مەعریفە لە ترادسیۆنی عەرەبی ئیسلامیدا بەهۆی دەقە عەرەبییەکانەوە هەیە، کەموکورییەکە ئەوانەی هەندێك لە پێکهاتەی رۆژئاواییان هەیە پێوەیدەناڵێنن، رەنگە ئەوە هۆکاربێ بە هەستکردن بەو ئالۆزییەی ئاماژەی پێدرا، تەواو وەك حاڵی ئەوانەی هەڵۆێستیان سەبارەت

بەرۆشنبیرە عەرەبکراوەکان لە نووسینەکانی رۆشنبیرە مەغریبیەکان کەبەفەرەنسی دەنوسن • لێرەدا هەمان ئیزدواجییەت و ئالۆزی دەبینین، لەکۆتایشدا مەسەلەکە بۆ نەبوونی و لاوازی دیالۆگ و لێکنزیکبوونەوەی نێوان هەردوولایەن دەگەڕێتەوە • چارەسەر ناساندنی مەرجەعییەتی بەرامبەرە، ورەنگە هەنگاوی سەرەتا و پێویست بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ناساندنە بەتەواوەتی وەرگێران لەلایەك ولەلایەکی تر میتینگی راستەوخۆبێ •

مقدمات/ سەبارەت بەئێوە زانراوە کە خاوەنی پرۆژەیەکی فکری گشتگیرن لەسەر گۆرەپانی کەلتوری عەرەبی، ئەمەش بەتەواوەتی لەو دانراوەی تایبەتە بە رەخنە لەعەقڵــی عەرەبی دەردەکەوێت • ئینجا کارەکەتان لەسەر تێگەیشتن و وێناکردن کورت ناکرێتەوە، بەڵکو تێدەپەڕێ بۆ لێکۆڵینەوە لەکەرەستەی بیرکردنەوە ومیکانیزمی بەرهەمهێنانی مەعریفی • نزیکبونەوەتان لەزۆربەی مەسەلەکان مۆرکێکی ئیپستمۆلۆژی فەلسەفی هەیە 0 بەلاّم تێبینی دەکەین هەرکاتێك بابەتێکتان روبەروبێتەوە کەپەیوەندی لە نێوان ئاین و سیاسەت یا عەلمانیەتدا هەبێ لە ئێستادا، ئەوا دەستبەرداردەبن لە نزیکبوونەوەی تەواو ورێتمێکی پراگماتیکی یا سیلسی دەگرنەبەر • هیچ فرسەتێك جێناهێڵن بێ ئەوەی جەختنەکەنەوە کەوا عەلمانیەت بابەتێکی دروستکراوە و هیچ بنەمایەکی لەواقیعی عەرەبیدا نیە • وگرەوی راستی لەبەدیهێنانی دیموکراتی و چەسپاندنی مافی مرۆڤ پێکدێ • بەلاّم زۆر لە لێکۆڵەرەوان لە نێوانیاندا زانایانی کۆمەڵناسی و مافپەروەران کۆمەڵگای عەرەبی وەك گۆمەڵگا نوێیەکانی تر دەبینن، نەکراوەتەوە کە عەلمانیەتێکی راستەقینە بژی و لەبوارەکانی ژیاندا رەنگبداتەوە • پاشان ئەم گۆمەڵگایانە بە بۆچوونی خۆیان، بیانەوێ یان نەیانەوێ، چۆتە قۆناغی پلورالیستی ئایدۆلۆژی و فرەیی پێرستەکان، و وەك رابردوو کۆدەنگییەك یا لە ئاستێکی کەمدا رێکەوتنێکیان دەربارەی مەسەلە سەرەکیەکان لە نێواندا نیە، وەك مەسەلەی دیاریکردنی روبەری ئەو فەزایەی کە دەبێ ئاین لە سیستەمی کۆمەلاّیەتی و سیاسیدا بیگرێت • ورەنگە تروپکی هەندێك ململانێ ی توند کەهەندێك ولاّتی عەرەبی پێناسراوە، ئەم واقیعە نوێیە وەردەگێڕن • ئایا وادادەنێن نزیکبوونەوەی تەواوی فەلسەفە لەبابەتی عەلمانیەت لە بواری فکری عەرەبی هاوچەرخدا هیچ سودێکی نیە؟ ئایا واتێدەگەن کەدەکرێ بگەینە کۆدەنگییەکی نوێ یا پەیمانێکی کۆمەلاّیەتی نوێ بەبێ پێشنیارکردنی جدی

مەسەلەی عەلمانیەت و دۆزینەوەی چارەسەریکی گونجاوو نوێ بۆ کێشە موزمینەکان، وەك چاککردنی بارودۆخی یاسایی ژنان، ومەسەلەی چەسپاندنی ئازادی بیروباوەر و زۆر بابەتی تێکئالۆسکاو کە تیایدا ئاین تێکەڵ بەسیاسەت دەبێ ؟

جابری/ لەدیدی منەوە مەسەلەی عەلمانیەت لەبنەڕەتدا مەسەلەیەکی سیاسیە، مەسەلەی پەیوەندی نێوان ئاین و سیاسەتە . ولێرەوە دەتوانین بلێین ئەوەی ( (بە نزیککەوتنەوەی تەواوی فەلسەفە بۆمەسەلەی عەلمانیەت) ) ناوزەدمکرد شتێکی گرانە ئەگەر نەلێین مەحالە . هەر نزیکخستنەوەیەك لەبابەتی ئایدۆلۆژی سیاسی دەبێ پەیوەست بێ بە سیاسەت و ئایدۆلۆژیا . وئەوەی دەلالەتی لەمبارەیەوە هەیە وتێکستێکی پێشەنگە لەبواری عەلمانیەتدا لەئەوروپا کتێبی سپینوزایە ) ) نامەیەك لەلاهوت و سیاسەتدا) ) ئەمەش ناونیشانێکە خۆی دەئاخفێ . وئەگەر بابەتەکە بەم جۆرە بێت، ئەوا ئەوەی دەبێ جێگای بایەخ بێ هەڵوێست نیە، بەڵکو ستراتیژییەتی گوتارە . وئاشکرایە هەرگوتارێکی سیاسی یا لە سیاسەتدا سودەکانی دەپێورێ، نەك بە پێشەکییە فەلسەفییەکان بەڵکو بە دەرەنجامە پراکتیکییەکان . ومەزندەدەکەم لە غیابی کەنیسە لە ئیسلامدا دروشمی عەلمانیەت دەکاتە دروشمێکی ناستراتیژی لە هەر گوتارێکدا مەسەلەی پەیوەندی نێوان ئاین وسیاسەت پێشنیاربکات لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا . چونکە هیچ دەزگایەکی ئاینیی نیە کەئەم گوتارە هەڵچووە بەتەنها بگۆڕێت وەك حاڵی ئەوروپا . لە ئیسلامدا ئاین هەیە و جەماوەر هەیە، وهیچ هۆکارێکی نزیکبوونەوە نیە بێ لە سیاسەت . واتە ئەو لایەنەی کەدەبێ تاوانباربێ سیاسەتە وبێگومان ئەلتەرناتیڤەکە دیموکراسی و عەقلانیەتە . ولەچوارچێوەیاندا مافی ژن و ئازادی بیروباوەرو زۆرمەسەلەی ئالۆزی تر بەدیدەکەین کەبوارێکە بۆ چارەسەرکردن و گفتوگۆ . . هتد .

مقدمات/ شوێنکەوتووانی ڕێرەوی زانستیتان سەرنجدەدەن کە غەمی سیاسی لە کارەکانتاندا بەبەردەوامی ئامادەگی هەیە، لەوانەش کە دەچێتە بازنەی لێکۆڵینەوەی ئیپستمۆلۆژی وتیورسینی . تەنانەت هەندێك لەرەخنەگرانتان وادادەنێن تەوەری لێکۆڵینەوەی تیوری ئێوە دەگۆڕێت بەگۆرانی بایەخدانەسیاسیەکانتان زیاتر لەوەی پەیوەندی بەدینامیکیەتی ناوەوەی بیناکردنەوەهەیە . هەروەها هەندێك سەرنجدەدەن کە شیکارو هەڵوێستە سیاسیەکانی جابری لەدوای جەنگی کەنداوەوە گۆردراوە . ئەمەش لەرەخنەتان بۆ ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی و بەدەرخستنی خاڵە لاوازەکانیاندا دەردەکەوێ، هەروەها لەو

www.kurdistannet.org
10-6-2003 16:01

هەڵوێست وەرگرتنە زۆر میانرەوەو ریالیستیانە لە سیستمی نوێی جیهان دەردەکەوێ ٠ ولە بانگەوازتان بۆ دامەزراندنی بلۆکێکی مێژوویی مۆدێرنیست و سەلەفیەکان ( (ئایتمی فەندەمەنتالیزمیش بگرێتەوە) ) ، ئەمەش بەمەبەستی بەدیهێنانی گونجاندنێکی سیاسی ئەدەبی کەبەشداربێ لەچەسپاندنی دیموکراسی لەوڵاتە عەرەبیەکاندا، دیارە کە شێکارە سیاسیەکانتان کاریگەرییەکی گرنگی هەیە نەك بەتەنها لە مەغریب، بێگومان بنەماڵەکەتان کاریگەری و پایەی خۆی هەیە، بەڵکو لەسەر ئاستی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی ٠ ئەو بۆردەرانە چی بۆچونە ژورەوەی رۆشنبیر بۆ بواری سیاسەت، وچ دەورێك بۆ رۆشنبیر دادەنێن لە کۆمەڵگای نوێی عەرەبیدا ٠

جابری/ یان (تەوەری لێکۆڵینەوەی تیوریم بەبایەخدانی سیاسی زیاتر دەگۆرێت وەك لەپەیوەندی بەدینامیکیەتی ناوەوەی بیناکردن) ئەوا پەسندی ناکەم ٠ لە ) ) ئێمە و کلتوردا) ) کەساڵی ١٩٨٠ دەرچووە لێکۆڵینەوەی تیوریم لە تەوەرگیربووە دەربارەی رەخنەی عەقلی عەرەبی، کەلە) ) گوتاری عەرەبی هاوچەرخ) ) یساڵی ١٩٨٢یلێوە بەرهەمهاتووە ٠ بۆئەوەی ببێتە سەرەتایەکی میتۆدی پاشان هەرسیێ بەرگەکە بەردەوام بوو لە رەخنەی عەقلی عەرەبی) ) : پێکهێنانی عەقڵی عەرەبی ١٩٨٤ ) ) ، ( (بنەمای عەقلی عەرەبی ١٩٨٦) ) ، ( (وعەقلی سیاسی عەرەبی ، ( (1990و وئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی عەقڵی مۆراڵی عەرەبیم : سیستمی پێودانگەکان لەکلتوری عەرەبی ئیسلامیدا ٠ ولەماوەی هەموو ئەو ساڵانەدا، واتە لەسەرەتای هەشتاکانەوە لەتەوەری فکری عەرەبی هاوچەرخدا دەنووسم : وگوتار لە گۆڤاری رۆژی حەوتەم لەنێوان ١٩٨٤ و ١٩٩٠، وئەم گوتارانە لە کتێبێکدا کۆکرایەوە و ساڵی ١٩٩٢ دەرچوو، پاشان لەهەمان تەوەر بەردەوام بووم لە نووسین ولەچەند بڵندگۆیەکی ترەوە لەوانە ( (گوتاری رەمەزان) ) وئەم گوتارانەم بۆ زنجیرەکانی سەرەتا زیادکرد و پۆلێنم کرد بەگوێرەی بابەتەکانیان لەچەند کتێبێکی بچکۆلانەدا کەئەم ناونیشانە هەڵدەگرێ : مەسەلەی کلتوری، مەسەلەی ناسنامە، دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ئاین ودەوڵەت، جێبەجێکردنی شەریعەت، رۆشنبیران لە شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامیدا، پرۆژەی رێنسانسی عەرەبی ٠ ئەمە و چەند لێکۆڵینەوەیەکی تر کە بەناونیشانی) ) کێشەکانی فکری عەرەبی هاوچەرخ) ) ٠ هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی تەوەرێکدا بەردەوام بوو کەیەکسان بوو بەتەوەری رەخنەی عەقلی عەرەبی لەسەرەتای هەشتاکانەوە تائێستا ٠ وێرای ئەم دوو تەوەرەش

www.kurdistannet.org
10-6-2003 16:01

تەوەرێكی تایبەت بەمەسەلەكانی مەغریب هەبوو كەكاركردن تیایدا لەسەرەتای
حەفتاكانەوە بەردەوامە و ئاماژە بەم كتێبانە دەدەم : رۆشناییەك لەسەر
كێشەكانی فێركردن كەیەكەم چاپی لەسەرەتای حەفتاكان دەرچوو ،پاشان لە پێناوی
دیدگایەكی پێشكەوتوخواز بۆ هەندێك لەكێشە فیكری و پەروەردەییەكان ئینجا
سیاسەتی فێركردن لەمەغریبی عەرەبی و مەغریبی هاوچەرخ ٠ گواستنەوە
لەتەوەرێكەوە بۆ تەوەرێكی تر، هیچ فاكتەرێكی سیاسی بریاری لێنەدەدا
ونەفاكتەری دی لەدەرەوەی بارودۆخی نووسین وكاركردنەوە، بەدەر لە لێكۆڵینەوەو
توێژینەوە كە بۆ ئەم سیمنارۆئەو سیمنار ئامادەدەكرا ٠ بەلأم باسكردن لەگۆرانی
شیكردنەوە و هەڵوێستم بكەن دوای جەنگی كەنداو، لەبەرئەوەی لەبارەی رەخنە لە
ئایدۆلۆژیای نەتەوەییەوە نوسیوومە ( (پرۆژەی رێنسانسی عەرەبی پێداچوونەوەیەكە
رەخنەگرانە ١٩٩٦) ) لە تێروانینی مندا راست نیە، چونكە بەهێزترین رەخنە لە
ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی ئەوە بوو كە لە ( (گوتاری عەرەبی هاوچەرخ ساڵی
( (1982نوسیم، ولەهەندێك گوتار لە ( (رۆژی حەوتەم) ) پێش جەنگی كەنداو ٠
دەمێنێتەوە كەرتی دووەم لە پرسیارەكەتدا، كەپەیوەستە ( (بە دەخاڵەتكردنی
رۆشنبیر لە بواری سیاسی و دەوری لە كۆمەڵگای نوێ) ) ٠ لێرەدا جێگای
وەبیرهێنانەوەیە كە پەروەردەبووم لاوێتی و پیریم تائیمرۆ لەژینگەیەكی عەرەبی
و هاوچەرخدا بردۆتە سەر ٠ یەكێك لەگرنگترین خەسڵەتەكانی پێدانی ئەولەویەت
بوو بۆ سیاسی بەسەر رۆشنبیردا، بەهۆی بارودۆخی خەباتی نیشتمانی لەپێناوی
سەربەخۆیی و وابەستەیی نیشتمانی وسیاسی بەمەسەلەكانی ئازادی و رزگاری 0 سیاسەت
تائێستاش ئامادەگی هەیە، وجیجگای بایەخپێدانی رۆشنبیرانی نەوەی من و نەوەی
رابردووشە، لەمەغریب یا لەدەرەوەی مەغریب ٠ بەلاچم سەبارەت بە ئەزموونی
تایبەتی خۆم دەتوانم بڵێم كەرۆشنبیرییەتی لەلام بەردەوام ئامادەبووە ،
تەنانەت كە كاری سیاسیم وەك كەسێكی سیاسی كردووە ٠ وئەگەر بارودۆخی تەندروستیم
بووە هۆی وازهێنان لە شوێنەكەمدا، لەبەرئەوەی بارودۆخ سەپاندی بەسەرمدا یان
رۆشنبیری هەڵبژێرم یاخود لێی دابریێم، چونكە تەندروستیم تواناى هەردوو
بواری نەبوو، ورۆشنبیریم هەڵبژارد، بەلأم بێ دابران لەمەسەلە نیشتمانیەكان
0ولەراستیدا ئەم هەڵبژاردنە تەئكیدكردنەوەی ئارەزووەكانی رابردوو بوو
كەهاوتام بووە هەر لە چوونە ناوەوەم بۆ كاری رۆشنبیری وسیاسیدا ساڵی ١٩٥٩ ٠
لەراستیدا خودی خۆم دڵخۆشم بۆ هەموو ئەو فرسەتانە تێكەڵأنەی لەنێوان سیاسەت

و رۆشنبیریدا بۆم هەڵکەوت، وەدەرکەوت کە ئەزموونی سیاسی لە ئێستادا دیاریکەری زۆر لەسەر تێگەیشتنی کلتوری لەرابردوو و ئێستادا بەشێوەیەکی قوڵ پێکدێنێت، مەبەستم رۆشنبیرییە بەپێیەی بەشێکە لەپرۆسەی مێژووی کۆمەڵایەتی ، ولە ئیبن خەلدوندا نمونەیەکی زیندوومان هەیە ، بەبێ ئەزموونە سیاسیەکەی توانای نوسینی کتێبەکەی (پێشەکی) بەو جۆرەی کەهەیە نەدەبوو ، کەوەعیەکی تەواوبوو بەوتەکەی کە ئێستا هاوشێوەی داهاتووە لە ئاوەوە بۆ ئاو) بەمانای ئەو لە یەکچوونەی لە نێوان ئێستا و رابردوودا و نێوان داهاتوو ) ئاینده) هەیە وەك نێوان ئاوو ئاو وایە ، ومەزندەدەکەم دەوری رۆشنبیر لەکۆمەڵگای عەرەبیدا لەکۆن و نوێدا رۆڵێکی سیاسیە لەناوەرۆکدا ، بەڵام لەم سەردەمەی ئێستادا ناکرێ رۆشنبیری و سیاسەت لێك جیابکەینەوە، بەتایبەتی لە بارودۆخی ئێستادا کەبەبزری ئایدۆلۆژیا جیادەکرێتەوە ، ئیمرۆ سیاسەت لەدوای بزربوونی ئایدۆلۆژیا قسەی رۆشنبیری دەکات، چ لەژێر ناونیشانی ( ( کۆتایی مێژوو) ) یا ناونیشانی ( (پێکدادانی شارستانیەتەکان یا کلتورەکان) ) و زۆر ناونیشانی تر ،

مقدمات/تێبینی دەکرێ زۆرینەی ئەو بیریارانەی کەلەم چەند ساڵەی کۆتاییدا کاریان لەسەر نوێبوونەوەی فکری ئیسلامیکردووە، لەراستیدا لێکۆڵەرەوەن و پێکهاتەیەکی ئەکادیمی هاوچەرخیان لەبوارەکانی مێژوو یافەلسەفە یا مەسەلەکانی تر لەزانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە ، هاوتاشە بۆئەوە دەبینین زۆربەی دانەرەکان لەخاوەن پێکهاتە ئاینیە دەرچووەکانی سەرجەم زانکۆ ئیسلامییەکانن، یا لەتەقلیید و دوبارەبوونەوەدا نوقوم بوون کە بیری ئیسلامی لەماوە کلاسکیەکاندا بەرهەمی هێناوە، یا دەیانبینی گوتاری ئاینیی رووەو ئایدۆلۆژیا کەمەبەستی موبێلیزەکردن و ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بێت ، هۆکار ئەم قەیرانە چییە لە تێروانینی ئێوەوە؟ ئایا وادادەنێن کە دەکرێ لێکۆڵەرەوە نوێیەکان نوێبوونەوەی بیری ئیسلامی و روودانی بازدانێکی چۆنایەتی لەسەر ئاستی وەعی ئاینیی، هەرچەندە کەلەگەڵ پێشهاتە ئاینییەکان بەمیتۆد و ناوەندەکانی دەرەوەی بواری ئاینی دێن، پێچەوانەی ئەوەی لەرۆژئاوا رویدا وەك نوێگەری هات لەبەشێکی زۆر لەسەردەستی پیاوانی ئاینی و لەدڵی دەزگای ئاینیەوە

0

جابری/ لەناوراستی هەشتاکانەوە بانگێشەمکردووە بەبەردەوامی کەبە (یاسای هاوتابوون) ناوزەدمکرد (گۆڤاری رۆژی حەوتەم ٢٥ی مارسی ١٩٨٥، وگوتارەکە لە

www.kurdistannet.org
10-6-2003 16:01

)) دیدی تێروانین) ) پاشان لە ( (دەولەت وئاین و جیێبەجیێکردنی شەریعەت) ) ، لەو گوتارەدا جەختمکردەوە وێرای ئەوەی کێشەکانی سەردەمی ئێستا جیاوازییەکی چۆنایەتیان لەگەڵ کێشەکانی رابردوومانداا هەیە، پێویستە هەوڵی فکری داواکراو ولای کەسی موجتەهید جیاوازییەکی چۆنایەتی لەو هەوڵەداواکراوە هەبێ کەلەرابردوودا پێویست بوو، ئەو گۆرانە گەورەیەی لەگەڵشارستانیەتی پیشەسازیدا لەسەرەتادا رویدا ولەگەڵ شۆرشی زانستی وزانیاری ئێستا ، وادەکات کرانەوە لەسەر زانستی هاوچەرخ و بنەما مەعریفیەکان و ئەنجامەکانی لەسەرئاستی مرۆیی زەرورییە بۆ بەدیهێنانی توانست کە بۆ ئیجتیهادی ئیمرۆ دێ ، پێداویستی بۆی لەم رووەوە هیچی بۆ توانست لەزانستی زمانەوانی وزانستی ئاین نیە ، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە دەبێت هەمان شت بلێین سەبارەت مۆدێرنە و هەڵگرانی بەیداخەکەی ، رۆچوونی رۆشنبیری عەرەبی بۆ ناو فیکری ئەورووپی هاوچەرخ هەرچەندە قوڵ فراوان بێ مۆدێرنە لەجیهانی عەرەبیدا بەرهەمناهێنێت، مۆدێرنە ناگوازرێتەوە وەك کەلوپەلی بەکاربەر کە دەگوازرێتەوە، ئەمەش مەسەلەی کەسێك یا چەند کەسێك نیە وچەند زۆرن، ئەمە مەسەلەی کۆمەڵە، دەبێت تۆوەکە بچێنرێت وقوڵبکرێ لەلاشەی هەموو کۆمەڵگا 0 ئەمەش نابێ تەنها بەهەرسکردنی فراوان و قوڵی کەلتوری عەرەبی ئیسلامی کەبریاردەری فیکر و شێوازە لەهەموو بەشەکانی جیهانی عەرەبی وکارکردن لەسەر جولاندنی فاکتەرەکانی نوێگەری لەناوەوە ، رۆچوونی قوڵ و هۆشدا لەبیری هاوچەرخ و وەرگرتنی قوڵ و هۆشدا بۆ کلتوریان لە تێروانینی مندا هەردووکیان پێکەوە مەرجێکی پێویستە بۆ ئیجتیهادێکی هاوتا ، ئەو نوێگەرییەی سەردەمی رێنسانس لەئەوروپا رویدا، سەرەتای چەرخی دوانزە چ لە بواری ئاین یا فەلسەفە یازانست لەناو کلتوری ئەورووپیدا رویداوە لەگەڵ تەوزیفکردنی دەسکەوتەکانی فکری عەرەبی ئاینیی و فەلسەفی و زانستی و پەیوەندیکردن بەکلتوری یۆنانی و رۆمانی ، ئەویش یاسای رێنسانسە کە دەکرێ هەروەها لە شارستانیێتی یۆنانیدا بدۆزرێتەوە کەبەرروونی ترادسیۆنی رۆشنبیری یۆنانی پوختدا لەگەڵ ماتماتیکی میسری و فەلەکی بابلی وهتد دەخوێنینەوە ،

مقدمات/لەو مەلەفە تایبەتەی کە لەژمارەی) ) مقدمات) ) دەیگرێتە خۆ و خەریکر ئامادەکردنین، هەوڵدەدەین تیشا بخەینە سەر هەندێك هەوڵی نوێبوونەوەی فیکری ئیسلامی هاوچەرخ ، دەمانەوێت بۆچوونی ئێوە بزانین، بەو سیفەتەی یەکێکن لە

هه‌ڵسوراوه سه‌ره‌کییه‌کانی ئه‌م پرۆسه‌ی نوێگه‌رییه • چه‌ندێك هه‌یه که‌وا ده‌بینن پرۆسه‌ی نوێبوونه‌وه‌ی راسته‌قینه و قوڵبۆ لاهووتی ئیسلامی ئیمرۆ بوونی نیه به‌پێی پێویست له ناوه‌ندی عه‌ره‌بیدا، وره‌نگه ده‌ستپێشخه‌رییه‌که له ده‌وروبه‌ره‌وه وه‌ك ئیسلامی ئاسیاوه بێ، یان چاره‌سه‌رێکی تر له ئه‌مریکا و ئه‌ورووپاوه بدۆزێته‌وه که کۆمه‌ڵی ئیسلامی گه‌وره‌ی لێده‌ژی نه‌ك ته‌نها بارودۆخی سیاسی ئازادی هه‌یه • به‌ڵکو هه‌لی تێکه‌ڵاوبوون به مه‌عریفه و میتۆده نوێیه‌کان ودیالۆگ له‌گه‌ڵ ئاینه یه‌کتاپه‌رسته‌کان که له‌ماوه‌یه‌کی دوورودرێژه‌وه روبه‌رووی وه‌ڵامدانه‌وه‌ی ئه‌زموونی مۆدێرنه بوو • که‌به‌شداربووه له به‌پیتکردنی ده‌زگای لاهوتی و ئه‌خلاقیه‌کان • بۆچوونتان له‌مباره‌یه‌وه چیه وئایا برواتان وایه که ئیمرۆ توانای نوێبوونه‌وه‌ی فیکری ئیسلامی له ناوه‌ندی عه‌ره‌بیدا هه‌بێ • و پیچوه‌رتان بۆ ئه‌و هه‌وڵانه‌ی له‌م ساڵانه‌ی دواییدا دراوه چییه ؟

جابری/ نوێبوونه‌وه له بیری ئاینی ئیسلامیدا روونادات ته‌نها به ده‌رچوون له ناو کلتوری عه‌ره‌بی ئیسلامی و له قورئان و سونه‌وه نه‌بێ، که‌ئه‌مه‌ش پێویستی به زانینی زمانی عه‌ره‌بی هه‌یه • به‌ڵێ ره‌نگه نوێبوونه‌وه له ولاتێکی ئیسلامی له‌ده‌ره‌وه‌ی ناوه‌ندی عه‌ره‌بی روبدات به‌لام کاریگه‌ری له‌سه‌ر جیهانی عه‌ره‌بی بایه‌خێکی ئه‌وتۆی نیه • وه‌ڵێ نوێبوونه‌وه له‌لایه‌نێك له‌ده‌وروبه‌ردا کار له‌سه‌ر ناوه‌ند ناکات، به‌ڵکو ده‌بێ ئه‌و لایه‌نه بگۆردرێ بۆ ناوه‌ند وله‌به‌رئه‌وه‌ی تێکستی ئاینیی ئیسلامی تێکستی عه‌ره‌بیه ئه‌وا ناوه‌ند به عه‌ره‌بی ده‌مێنێته‌وه • مه‌به‌ستم ناوه‌ندی کلتوری ئاینه نه‌ك ناوه‌ندی جوگرافی • جیاوازی بارودۆخی کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابوری و کلتوری له‌جیهانی ئیسلامیدا هێنده قوڵ و فراوانه که‌وا له‌گه‌ڵیدا واده‌رده‌که‌وێ بارودۆخی کۆمه‌ڵایه‌تی کلتوری له‌جیهانی عه‌ره‌بیدا زۆر یه‌کگرتووه • سه‌ره‌نجام جیهانی عه‌ره‌بی له‌وانی تر ئاماده‌گی زۆرتر تێدایه بۆ ئه‌وه‌ی ببێته ناوه‌ندی بلاوبوونه‌وه‌ی روناکی له‌بواری نوێبوونه‌وه‌ی ئاینی • ئه‌زموونی تورکیای عه‌لمانی له‌لایه‌ك و ئه‌زموونی پاکستانی ئیسلامی له‌لایه‌کی تر هه‌روه‌ها ئه‌زموونی ئێران، هه‌موو ئه‌م ئه‌زموونانه سه‌لماندویانه که‌وا هیچ ره‌نگدانه‌وه‌و هه‌ڵکشانی ئاکتڤی نه‌بووه له‌جیهانی عه‌ره‌بیدا • وه‌ڵێ نوێبوونه‌وه له‌ناوه‌وه ده‌بێ به‌راستی له‌ناو جیهانی عه‌ره‌بی و ناو ولاته ئیسلامیه‌کان روبدات چونکه ناوه‌وه لێره‌و له‌وێ جیاوازه • وله‌به‌رئه‌وه‌ی جیهانی عه‌ره‌بی ناوه‌ندی رۆشنبیری ئاینیه، ئه‌وا ئه‌و نوێبوونه‌وه‌ی که له‌ناوه‌وه روبدات چانسی کاریگه‌ری له‌سه‌ر

دەوروبەرەکان زیاترە ، وبەبۆنەی باسکردنی تورکیا و پاکستان دەتوانین بپرسین : ئایا تەبەنی کردنی دەوڵەتی عەلمانی لە تورکیا لەماوەی حەفتا ساڵدا بووە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگایەکی عیلماتی؟ ئایا سیستمە کۆمۆنیستیەکان لە روسیا و ولآتانی رۆژهەلآت و ولآتە ئیسلامییەکان لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، ئایا توانی عەلمانیەت لە جەستەی کۆمەڵگای ئەو دەوڵەتانەدا بچەسپێنێت ؟ هەروەها لەبەرامبەردا دەکرێ بپرسین : ئایا دەوڵەتە ئیسلامیەکان لە پاکستان و بەنگلادیش و ئێران سەرکەوتن، وهەروەها لە دەوڵەتە عەرەبیەکانی هاوەشێوەیان ،لە ریشەهەڵکێشانی هەموو کاریگەرییە نا ئیسلامیەکان لەسیستم و شێوازو ژیانی رۆژانەی خەڵکدا ؟ برۆام وایە ئەم ئەزموونانە پێویستە لێکۆڵینەوە وتێفکرینی قوڵیان لەسەربکرێ چ لەلایەن هەوادارانی عەلمانیەتەوە یاخود هەڵگرانی دروشمی دەوڵەتی ئیسلامیەوە ..

ahmad_dokan@hotmail. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.